# راپۆرتی ساڵانەی دیوانی چاودێری
# شایەتیەکی تر لە سەر رەوتی کۆششەکانی حکومەتی هەرێم

ستران عەبدوللا

(باوەڕمان بە راپۆرتەکانی چاودێری هەیە)


سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی

راپۆرتی ساڵانەی
دیوانی چاودێری دارایی
بۆ ساڵی/٢٠٠١

لە ژێر ئەم ناونیشانەی سەرەوەدا "تۆماس فریدمان "رۆژنامەوانی ناسراوی نیویۆرك تایمز وتارێکی دەربارەی بایەخی راپۆرتەکانی دامودەزگاکانی چاودێری لەوڵاتی پانوبەرینی ئەمریکا نووسیبوو. وتارەکە ئەوەی نیشاندەدا کە چۆن لە حکومەتە بەدامەزراوکراوەکاندا دەسەڵاتی چاودێریو کۆمیتەکانی چاودێری، لە هەموو بوارەکاندا، چ رۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە رێکخستنی ژیانی دارایی وئیداری، لە رێکخستنی هەڵسورانی ئابووری وکۆمەڵایەتی دەوڵەتیو دەزگاکان وچالاکییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکاندا.

لە راستیدا لە هەموو وڵاتەکاندا، بەتایبەتیش لەوانەی دەکرێ وەك نموونەیەکی سەرکەوتوی دەسەڵاتی ئیداریو حکومەتایەتی سەیر بکرێن، دەزگاکانی چاودێری بە راپۆرتو خستنەرووی روانینەکانیان تەنها چاودێری کەموکورییەکانو ئاراستەی کارەکانی دەزگاکانی دەوڵەت ناکەن، بەڵکو لەرێی ئەو راپۆرتانەوە، جا چ راپۆرتی ساڵانە وچ راپۆرتی دەوری بەردەوام، سیاسەتە ئیداری وداراییەکانی حکومەت وچالاکی وپرۆژەکانیش هەڵدەسەنگێنن، بەواتایەکی تر راپۆرتەکانی چاودێری لە حکومەتە مودێرنەکاندا لە باری مەعنەوی وسیاسییەوە شایەدی لە سەر سەرکەوتن یان ژێرکەوتنی حکومەتەکان دەدەنو ئاراستەی چالاکیو پرۆژەکانی هەڵدەسەنگێنن. لێرەوەیەکە لەو وڵاتانەدا دەزگاکانی چاودێری تەنها ئەرکێکی ئیداری ئاساییو وەزیفەیەکی رۆتینی رایی‌ناکەن، بەڵکو ئەرکێکی سیاسییو مەعنەویش دەگێرن وشایەتی لە سەر ئیشەکانی حکومەتو ئاستی وەفادارێتی بۆ بەرنامەو سیاسەتەکانی خۆی دەدەن.



حکومەتی هەرێم، کە لە رێرەوی تێکۆشانی خۆیدا رووی لە جێگیرکردنی حکومەتێکی مۆدێرنو بەدامەزراوبووە، هەنگاوی چۆنایەتی بەرچاوی ناوە بۆ سەنگینکردنی زیاتری رۆڵی دیوانی چاودێری دارایی لە هەڵسەنگاندنی کاروچالاکییەکانی‌دەوڵەتدا. ئەمەش هەم بۆ سەرکەوتنی دیوانی چاودێری لە رایی‌کردنی ئەرکی ئیداریو وەزیفی خۆی وهەمیش بۆ رەچاوکردنی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری وەك پێوەر وترۆمۆتەرێکی سەنگین، وەك خاوەن کەسێتیی مەعنەوی وئیداری کە لە دەرەوەی کاری راستەوخۆی دەزگاکانی حکومەت، کارەکانی حکومەتەکە هەڵدەسەنگێنێ وشایەدی لە سەر رەوتی بەرەو پێشەوەچوونی چالاکییە دارایی وئیدارییەکانی دەدات. حکومەتی هەرێم لە سەرەتای کابینەی نوێی خۆیەوە داوای لە دیوانی چاودێری کرد کە رۆڵی قورسو بەرچاوی خۆی، هەروەك لێی رەچاو دەکرێ، لە چاودێریکردنی سەرجەم دەزگاکانی حکومەتدا بگێرێت وئاستی پابەندبوونیان بە رێنماییە داراییو ئیدارییەکان دەست نیشان بکات.

هەر لە سەر ئەو بنچینەیەش سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە سەرەتاوە داوای لە دیوانی چاودێری کرد کە بەوردی وهەنگاو بەهەنگاو چاودێری چالاکییە داراییەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەك یەکەیەکی ژمێریاری، کاربکاتو دەستبەجێ، پێش کەڵەکەبوونی کارەکان، رێنماییەکان جێبەجێ بکرێتو تێبینیەکان رەچاو بکرێت. بۆ ئەوەی لەم بوارەشدا دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، وەك گەورەترین یەکەی ژمێریاری لە حکومەتدا، ببێتە نموونەیەکی مۆراڵی بۆ وەزارەت ودەزگاکانی‌تری حکومەت. سەرۆکایەتی ئەنجومەن هەروا راسپاردەی دا کە ئەو رۆڵە شایستەی دیوانی چاودێری. لە هەموو وەزارەتەکاندا رەچاو بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن رێرەوی کارەکان لە بواری داراییو ئیدارییدا هەڵبسەنگێنن وقسەی خۆیان لە بارەی حکومەتێکەوە بکەن کە مەبەستێتی دواجار ئاکامی هەڵسورانی خۆی بناسێتەوە ودەستنیشانی ئاستی گەشەکردنی دەزگاکانی وئاستی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی بکات.

www.kurdistannet.org

لەم بوارەشدا هەڵسەنگاندنی ئیجابیانەی ڕەوتی بزاوتی دارایی وئیداری حکومەت لە ڕاپۆرتی ساڵانەی دیوانی چاودێری بۆ ساڵی ٢٠٠١ ئاکامێکی دروستی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیکییەیە کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ دیوانی چاودێریدا دروستی کرد هەر لە چاودێری دەستبەجێی ڕەوتی کارەکانو بەزوویی چارەسەرکردنی تاوەکو هەڵسەنگاندنی ساڵانە کە کێرڤی ئەدائی حکومەت ڕوو لە هەوراز نیشاندەدات. ئەمەش بەروونی لە ناواخنی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی بۆ دراوە.

لەم بارەیەوە ڕاپۆرتی دیوان ئاماژە بەوە دەکات کە باری دارایی وئابووری گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆوە دی (هەر لە بواری پێداچوونەوە بە خەرجییەکانو لابردنی خەرجی لابەلا وپابەندبوون بە ئاراستەکردنی خەرجییەکان بەشێوەیەکی پەسند، لەگەڵ ڕێکخستنەوەی داهاتو تەعدیلکردنی یاساکانی باج ومیرانەدا) ، هەموو ئەمانە بوونە هۆی چاکترکردنی گوزەرانی چەند توێژێکی فراوانی کارمەندانی حکومەت.

(بەسەیرکردنێکی سەرپێیی خەرجییەکانی ئەو ساڵە، ساڵی ٢٠٠١، بۆمان دەردەکەوێت تەنها لەئاکامی ئەو بڕیارانەی لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠١دا دەرچوون (٧٠) ملیۆن دینار خەرجی ئەو ساڵەی زیادکردووە لەگەڵ مانەوەی داهات وەکو خۆی. واتا هاوتایە لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٠دا. بۆیە بەسەرنجدان بۆ خەرجی وداهات دەبینین لەکاتێکدا باج کەمکراوەتەوە مووچەیان بۆ زیاد بووە)

ئەم هەڵسەنگاندنە ئیجابیە بۆ باری دارایی هەرێم تەنها هەڵسەنگاندنێکی وەزیفی ورۆتینی دامەزراوێکی چاودێری نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی مەعنەوی ڕەوتی پێشکەوتنی ئیدارەی کوردیشە. بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاوبێت دیوانی چاودێری لە میانی ڕاپۆرتەکەیدا دەریدەخات کە چالاکییەکانیان تەنها واری چالاکییە داراییەکانی نەگرتۆتەخۆ. بەڵکو لەبواری ئیداریشدا بەدواداچوونو چاودێریی خۆیان هەبووە. واتا ڕاپۆرتەکە کێرڤی پێشکەوتنی ئەدائی ئیداریو ئاستی جێبەجێکردنی بەرنامەو سیاسەتەکانی حکومەتیش دەستنیشاندەکاتو تەنها چاودێرێکی ژمێریاریی نییە بەسەر خەرجیەکانەوە جا جۆری ئەو خەرجییانە هەرچۆنێك بێت، خەرجی لابەلا یان خەرجی بۆ باشکردنی گوزەرانو بەرزکردنەوەی ئاستی پرۆژەکانی خزمەتگوزاریو ئاوەدانکردنەوە، بەڵکو هاوشانی سەرنجدان لە چۆنێتی پابەندبوون بە پرەنسیپە داراییەکانەوە مەبەستێتی لە ئاراستەی پێشکەوتنی ئیداری وراپەراندنی ئەرکەکانی حوکمرانی لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە بکۆڵێتەوە. مەبەستێتی دەستنیشانی ئاستی پێشکەوتنی کارو چالاکییە گشتییەکانی دەوڵەتیش هەڵیسەنگێنێ.

(پێویستە ئاماژە بەو گۆرانکارییە ئیجابیانە بدەین کە ساڵێ ٢٠٠١ بەخۆوەی بینوە لەوەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا. مایەی دڵخۆشییە ئەو پێشکەوتن و ئەنجامدانی کارەی کەبەرێژەیەکی بەرچاو چۆتە پێش و لەهەمان کاتدا بەرزبوونەوەی ئاستی توانا ئیداری و هونەرییەکان لەودەزگایانەدا تەوژمی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر زیاتر خزمەتکردنی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان)

بەڵکو تەنانەت لەوسەرنج و تێبینیانەی لەراپۆرتەکەدا دەربارەی کەموکورتییەکانی دامودەزگاکان هاتووە بەڕوونی دەستنیشانی پێشکەوتنی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم کراوە، دەستنیشانی ئەوەکراوە کە خواست و ئارەزووەکانی حکومەت و بەرنامە بڕیار لێدراوەکانی کابینەی نوێ زۆر لەپێش ئەدای دامودەزگاکانەوەیە (ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم حکومەتەی ئێمەدا بوونی بڕیارێکی زۆری گونجاو لەگەڵ سەردەم و پێشکەوتنخواز لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا (ئابووری، ئیداری، دارایی، کۆمەلایەتی.. هتد..) بەلاّم جێگەی داخە ئالیەتی جێبەجێکردن و بەداواداچوونمان وەك پێویست کارانییە) . کەئەم دەستنیشانکردنەش هاوجووتە لەگەڵ نەفسی ڕەخنەگرانەی ڕاپۆرتی ساڵنامەی حکومەتی هەرێمیش کەتێیدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەخنە لەوەکو پێویست ئامادەنەبوونی ئەدای دامودەزگاکان دەگرێ لەگەڵ بەرنامە پیشکەوتووەکەی حکومەتدا:

هێشتا خواستە گەورەکانو بەرنامە فراوانەکەی، کە لەکارنامەدا دەستنیشانکراون، پێویستی بەجیهازێکی هەڵسوڕاوتری دەوڵەتی هەیە. جیهازێك کە خۆی گیرۆدەی داوی ڕۆتینو بیرۆکراسی نەبێت، جیهازێکی ئەکتیفو چالاك کە دەرەقەتی ڕاییکردنی ئەو دوا کارنامەی حکومەت بێتو بۆخۆی لە عەقلّیەتی ئیدارەی کلاسیکی ڕزگاری بووبێت، بەرەو عەقلّیەتێکی مۆدێرنو داهێنەرانە هەنگاوی نابێت، تا لەگەڵ خۆیدا دامودەزگاکانی دەوڵەت لە ئاستەکانی خوارەوە، ناوەندەکانی کۆمەڵگەو چالاکییەکانیان، پێشبخاتو بۆ ئەم ئەرکە نوێیانە ئامادەیان بکات.

ڕاپۆرتی چاودێری دارایی هەروا ڕەخنە لە کەمو کورییەکانی بواری ڕۆتینی ئیداری وهەندێك پرسی ئیداری تر دەگرێت کە ئەوانەش بە دەوری خۆیان مسداقیەتێکی زیارتر دەبەخشنە هەڵسەنگاندنەکانی دیوانی چاودێریو ڕووی بابەتی وزانستیانەی ئەدائی ئەم دامەزراوە گرنگە دەخەنە ڕوو.

له كۆتاييدا دەبىَ بلێين كابينەی نوێی حكومەتی هەرێم لەماوەی پتر له ساڵو نيوێكی تەمەنی خۆيدا به شايەدی كۆمەلانی خەڵكی كوردستانو دەزگاكانی راگەياندن له كوردستان وبەشايەدی هێزه سياسييەكانو چاودێرانی رەوشی حكومەت له ناوەوەو له دەرەوەش گەلێك هەنگاوی چۆنايەتی له پێناو جێبەجێكردنی بەرنامەو بەڵێنەكانی خۆی ناوە. وئەو ناوەندو لايەنانەش بەويژدانێكی زيندووەوە ئەم رەوتە پێشكەوتووەی حكومەتيان ئيجابيانه هەڵسەنگاندووە وباسكردووە.

هەڵبەت له ناو ئەو هەڵسەنگاندنەشدا نرخاندنی بەرزی راپۆرتی ديوانی چاودێری دارايی " ئەهمييەتا خۆ هەنه"، چونكه نرخاندنەكەی وان شايەدييەكی دارايی، ئيداریو مەعنەوييه له سەر سەركەوتنی بەرنامەی حكومەت له لايەن دەزگايەكەوه كه هەڵسەنگاندنه بابەتیو زانستييەكانی سەنگێكی گەورەی پێبەخشيوه. دواجار سەرەڕای تازەگی رەوتی حوكمرانیو دامەزراوەكانی حوكمڕانيی كوردی له چاو حكومەته خواپێداوەكانی دنيادا، بەلاّم ئێمەش وەكو حكومەته پێشكەوتووكان، به ئەندازەی خۆمان، هەقمانه باوەڕ به "راپۆرتەكانی چاودێری بكەين"و بەمەداليای سەرسنگی حكومەتی بزانين.



www.kurdistannet.org